# تۆ، من، ئێمە خوێندنگای کولتووری (کولتوورسکولان) پێکدەهێنین

خوێندنگای کولتووری چەندین کۆرس و چالاکی دەخاتەڕوو بۆ ئەو کەسانەی کە تەمەنتان لە نێوان 6 بۆ 19 ساڵدایە، بۆ توانینی تاقیکردنەوەی گۆرانی وتن، سەماکردن، کارکردن لەسەر فیلم، وێنەکێشان، سیرامیک، سێرک، شانۆگەری یان ژەنینی ئامێرێکی موزیک هەروەها زۆر شتی تریش. ئامانجمان ئەوەیە کە ئێوە کاتێکی دەستبەتاڵی پڕمانا بەدەست بهێنن.

## ئێمە بە منداڵان و لاوان دەستپێدەکەین

دیارە خاڵی دەستپێکی خوێندنگای کولتووری بۆ منداڵان و لاوانە. چالاکییە هونەریەکان و پەروەردەییەکان لە سۆنگەی ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵان(کۆنڤێنشنی منداڵان)، مادەی 31 وە سەرچاوە دەگرن، کە دەڵێت هەموو منداڵان و گەنجان مافی ئەنجامدانی چالاکی کەلتوریيان هەیە.
"پێویستە وولاتانی سەربە ڕێککەوتننامەکە ڕێز لە مافەکانی منداڵان بگرن و بە تەواوەتی یاریدەی منداڵان بدەن بۆ بەشداریکردن لە ژیانی کولتووری و هونەریدا، وە پێویستە هانی دابینکردنی دەرفەتی گونجاو و یەکسان بدەن بۆ ئەنجامدانی چالاکییە کولتووری و هونەریەکان، هەروەها لەو چالاکیانەشدا کە بۆ سەرگەرمی و کاتی دەستبەتاڵی دانراون."

ئێمە لە سۆنگەی ئەو ئامانجە سیاسیانەوە هەنگاو دەنێین کە لە نێو شارەوانیدا هەن، کە واتای ئەوە دەگەیەنن پێویستە هەلی ئەزموونکردنی کولتووری بۆ منداڵان و گەنجان بڕەخسێنرێن و ڕێگەیان پێبدرێت پەرە بە تواناى داهێنانی خۆیان بدەن. خوێندنگای کولتووری دەیەوێت دەرفەت بە منداڵان و لاوان بدات بۆ بەدەستهێنانی ئەزموون، خۆدۆزینەوە و گوزارش لێکردنی هونەر و کولتوور!

**پێویستە خوێندنگای کولتووری:**

• کۆمەڵە چالاکیەکی هونەری و پەروەردەیی بە شێوازی دەربڕینی فرەکولتووری و هونەری جۆراوجۆر بخەنەڕوو بۆ منداڵان و لاوانی تەمەن 19-6 ساڵ،
• کۆمەڵە چالاکییەک بە کوالیتیەکی بەرز بخرێنەڕوو کە دەرفەتەکان بە هەردوو ڕەهەندی فراوان و قووڵ لەخۆگرێت،
• بابەتی بایەخدار بخرێتەڕوو لەو شوێنانەدا کە کاروبارەکان بە شێواز و فۆڕمێکی نەرم و نیان دەڕۆن بەڕیوە،
• بە شێوەیەکی سەرەکی چالاکییەکانیان لە کاتی دەستبەتاڵی منداڵان و لاواندا ببرێن بەڕێوە و بەشداریکردن ببێتە مایەی بەسەربردنی کاتێکی دەستبەتاڵی مانادار،
• بتوانرێت کارێکی وا بکرێت کە منداڵان و لاوان بەشداری بکەن و خۆیان شێوازی کارەکە دارێژن،
• ببێتە شوێنی بەیەکتریگەیشتن بۆ گەشەپێدانی هونەری و کەسی و کۆمەڵایەتی کە لەوێدا منداڵان و لاوانی هەموو ناوچەکانی شاری یۆتۆبۆری تێیدا بەیەکتری بگەن،
• چالاکیەکی هاوتا بخرێتە بەردەست و پێشکەشی هەموو منداڵان و لاوانی تەمەن 19-6 ساڵ بکرێت و ببێتە مایەی بەسەربردنی کاتێکی دەستبەتاڵی بایەخدار،

**بابەت و کۆرسەکانمان**

خوێندنگای کولتووری کۆمەڵێک کۆرس و چالاکیی بەرفراوانی لە بواری کولتووری و هونەری جۆراوجۆر و بابەتی جیاوازدا هەیە. ئەمانە لە کاتی دەستبەتاڵی منداڵان و لاواندا ئەنجام دەدرێن واتە دوای ڕۆژانی خوێندن، پاش نیوەڕوان ، لە کاتی پشووی کۆتایی هەفتە و پشووە درێژەکاندا . تۆ کە تەمەنت لە نێوان ٦ بۆ ١٩ ساڵدایە بەخێرهاتنت لێدەکەین بۆ داخوازیکردنی هەموو ئەو کۆرسانەی کە لە خوێندنگای کولتووریدا بۆ تەمەنی خۆت دانراون.

**بابەتەکان لە بوارانەدان**

وێنەکێشان و فۆرم

سێرک

سەما

دراما، شانۆگەری بە موزیکەوە

وێنەگرتنی فۆتۆگرافی و فیلم

موزیک

گەشەپێدان و داهێنانی هونەری بۆ ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان 13 بۆ 19 ساڵدایە.

**چالاکیەکان و کۆرسەکانمان**

کۆمەڵە کۆرسێکی کورت و درێژ دەخرێنەڕوو. هەندێکیان بە چەند جارێک تەواودەبن وە هەندێکی تریان ساڵێک دەخایەنێت. زۆرێک لە چالاکیەکان بێ بەرامبەرن، هەندێکی تریان میرانەیەکی کەمیان هەیە.

لە هەندێک حاڵەتدا دەبێت تۆ بچیت بۆ خوێندنگایەکی تر ،نەک ئەوەی ئێستەی خۆت بۆ ئەوەی وانەت پێبگوترێتەوە چونکە خوێندنگای کولتووری شوێنی تایبەت بە خۆی لە هەموو خوێندنگایەکدا نیە. زوربەی کات خشتەی وانەکان لە سەرەتای وەزی خوێندندا بە ڕاوێژکاری لەگەڵ مامۆستاکەتدا ڕێکخراون.
ناوت بۆ ئەو کۆرسانە تۆمار بکە کە ئارەزوویان دەکەیت. بەبێ گوێدانە ئەوەی کە تۆ تازە دەستت پێکردوە یان پێشتر زانیاریت لەسەری هەیە، بە پێی توانا لە ناو گرووپێکدا دادەنرێت کە لەگەڵ ئاستی تودا بگونجێت.
هەروەها ئێمە لە میانەی پشووە درێژەکاندا چالاکیمان دەبێت، سەرباری ئەوش چالاکی کراوەمان بە درێژایی ساڵەکە هەیە کە دەتوانیت چالاکی جۆراوجۆر تاقی بکەیتەوە و بزانیت ئایا بە دڵتە. پێویست ناکات بۆ ئەمانە ناوت تۆمار بکەیت ، بەڵکو تەنها ئەوەت لەسەرە کە لە پڕ دەرکەویت.

**وانە گووتنەوە**

خوێندنگای کولتووری چالاکی بە پێی توانای کەسەکە لە سۆنگەی خواست و پێویستی بەشداربووەکەوە دەگونجێنێت. وانەگووتنەوە بە گرووپی گەورەتر و بچووکتر ئەنجام دەدرێت و بە زمانی سویدی بەڕێوەدەچێت.

Kultur skolan

مامۆستایانی خوێندنگای کولتووری لە بواری بابەتەکەی خۆیاندا خوێندویانە و ڕاهێنانی نایابیان پێکراوە. هەروەها زۆرێک لەوان هونەرمەندی بە ئەزموونن. مامۆستاکانمان فێرکاری لێوەشاوەن و گوێ هەڵدەخەن بۆ پێویستێکانی بەشداربووان و فۆکەسیان لەسەریانە.

## بۆ ئەوانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن یان جۆرە ناتواناییەکیان هەیە

تۆ ئەگەر جۆرە ناتواناییەکت هەیە، ئەوا ئێمە کۆرسی ئاڕاستەکراو و گونجاومان هەیە. ئێمە لە سۆنگەی هەلومەرجەکان و پێویستیەکانتەوە بارودۆخەکەت بە پێی توانا بۆ دەگونجێنین. تۆ دەتوانیت بە پشتبەستن بە خۆت بەشداری بکەیت هەروەها کۆرسی وامان هەیە کە دەکرێت سەرپەرشتیار یان چاوساغێک لەگەڵتدا بەشداری بکات. ئەگەر خۆت ویستت، دەکرێت سەرپەرشتیار یان چاوساغێک لەگەڵ تۆدا بەشداری بکات یان دانیشێت و بە خۆشحاڵیەوە لە پۆلی وانەگوتنەوەدا بەخێرهاتنتان لێدەکەین. ئەمەش بە ڕاوێژکاری لەگەڵ مامۆستاکەدا ئەنجام دەدرێت.
دەتوانن لە کەتەلۆگی کۆرسەکانماندا چالاکیە ئاڕاستەکراو و گونجێنراوەکان بدۆزنەوە. ڕەنگە ئەو کۆرسانەی لەبەر دەستدان لە شوێنە جیاوازەکانی شارەکەدا ئەنجامدرێن، نەک تەنها لەو ناوچە جوگرافییەی کە تۆ لێی دەژیت. ئەگەر ئەو کۆرسەی کە دەخوازیت تیایدا بەشداربیت لە شوێنی نیشتەجێبوونی تۆدا نەبوو، ئەوا بەخێرهاتنت لێدەکەین کە لە ناوچەیەکی تردا داوای بکەیت.
گەر دڵنیا نیت کە ڕەنگە کام کۆرس بۆ تۆ بگونجێت، ئەوا تۆ و خێزانەکەت دەتوانن پەیوەندی بکەن بە یەکێک لە ڕێنوێنیکەرانی خوێندنگای کولتووریەوە کە بە خۆشحاڵیەوە یارمەتیت دەدات بۆ دۆزینەوەی کۆرسێکی گونجاو بۆ تۆ. زیاتر بخوێنەرەوە لە "بۆ تۆی خاوەن پێداویستی تایبەت" لە goteborg.se/kulturskolan

## پەیوەندی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

خوێندنگای کولتووری کاروبارەکانی لە شارەوانی یۆتۆبۆریدایە، کە بەسەر چوار ناوچەی جوگرافیدا دابەشکراوە: سەنتەر Centrum ، هیسینگەن Hisingen ، باکووری ڕۆژهەڵاتNordost و باشووری ڕۆژئاوا Sydväst. ئاسانترین ڕێگا بۆ پەیوەندیکردن بە کولتورسکلانەوە بە تەلەفۆن یان بە ئیمەیڵ لەگەڵ کەسێکدا دەکرێت لەو ناوچە جوگرافیەی کە تێیدا دەژیت. دەتوانن هەموو زانیاریەکان بۆ پەیوەندیکردن لە goteborg.se/kulturskolan دا بدۆزنەوە.
لەگەڵدابە و دوامانکەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا، وەک فەیسبووک و ئینستاگرام .

**Facebook @kulturskolanigoteborg**
**Instagram @kulturskolangoteborg**

Kultur skolan